وەزیری بازرگانی: 47هەمین پێشانگای بەغدا بۆ بەشداری بەرفراوانی وڵاتان و کۆمپانیاکان دەکرێتەوە

وەزیری بازرگانی ئەسیر غورەیری دووپاتی کردەوە کە 47هەمین پێشانگای نێودەوڵەتی بەغدا ئامادەیە وبە بەشداری بەرفراوانی وڵاتان و کۆمپانیاکان دەکرێتەوە.

وەزارەتی بازرگانی لە بەیاننامەیەکدا راگەیاند: ئێوارەی ئەمڕۆ سێشەممە وەزیری بازرگانی سەردانی پێشانگای نێودەوڵەتی بەغدای کرد بۆ سەرپەرشتیکردنی ئامادەکاری کردنەوەی ٤٧هەمینی، کە لەژێر دروشمی "عێراق بەردەوامە" و لەژێر چاودێری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەماوەی 10 تا 19 ئەم مانگە دەکرێتەوە.

ئاماژەی بەوەشکردووە" لە سەردانە مەیدانییە سەرپەرشتیارییەکانیدا، وەزیر ئەلغورەیری گەشتێکی بە کۆریدۆر و هۆڵەکانی پێشانگاکەدا کردووە".

ئەلغورەیری جەختی لەوەشکردەوە” دەبێت خولی 47ی پێشانگای نێودەوڵەتی بەغدا لەهەموو بوارەکاندا جیابکرێتەوە، ئەمەش پێویستی بە تەواوکردنی سەرجەم ئامادەکارییە لۆجستی و کارگێڕییەکان هەیە لە هۆڵەکانی پێشانگاکان و گۆڕەپانە سەوزەکانییەوە تا ئامادەکردنی خشتەیەک کە لەخۆگرتنی چالاکیی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و هونەرییەکان وپراکتیزەکردنی جۆرە جیاوازەکانی بەنێو باوەکان، بە تایبەت کە ئامانجمان لە جێگیرکردنی وڵاتانەدایە.“ وە کۆمپانیاکان بۆ پێشکەشکردنی بەرهەمی پیشەسازی و

کشتوکاڵی و زانستی، هەروەها بە هاوڵاتیان کە چالاکیی و خولیاکانیان پراکتیزە بکەن.

ئاماژەی بەوەدا، کە لە چل و حەوتەمین خولی پێشانگای نێودەوڵەتی بەغدا بەشداریەکی بەرفراوانی وڵاتانی عەرەبی و بیانی و کۆمپانیاکان دەبێت.